

# بازاڕ و دەسەڵات

## جەزا چنگیانی

دەسەڵات لە هەر شوێنێکدا بێت جەنەراڵی پاراستنی بەرژەوەندییە
.

**( لەبەر ئەوەی تاك یەكەی پێكهێنەری سەرجەم كۆمەڵگایە . كەواتە بەرژەوەندی تاكی كۆمەڵ بەرژەوەندی كۆی كۆمەڵگایە( بە جیاوزازی بەرژەوەندی چینەكانی كۆمەڵگاشەوە ) . لكاندنی بەرژەوندی چینەكانی كۆمەڵگا لە ئیستراتجیتێكی هاوبەشدا شێوەی دەسەڵات واتە ( ڕژێم , میری ) هاوبەش دەست نیشان دەكات .جا ئەو دەسەڵاتە دكتاتۆر , دیموكرات . ئۆرستۆكرات ....بێت . لۆژیكی ژیان وایە لە هەر كۆمەڵگایەكدا چینە دژەكانی كۆمەڵگا گەیشتنە ئەنجامێكی هاوكێشەی پاراستنی بەرژەوەندیەكانیان و گریدانی ئایندەیان لە شێوەی دەسەڵاتێكی سیاسی وولاتدا وزاڵ بوون بەسەر گرفتە ناوخۆیەكانیان .**

**دەبن بە یەكەیەكی پتەوی ئابووری و یەك ئیستراتیجی ناوكی . )**

كە یەكەی ناوخۆی وولاتێك پیویستی بە دابیكردنی پیداویستیەكانی ژیان بوو. ویستی ژیانیش لە بازاڕی نیشتمان دابین نەكرا . ئەوە ویستی بازاڕی وولاتی( دایك ) ی دابین نەكراوە بیری قۆرخكردنی بازاری دەرەوە . سامانی سروشتی دەرەوە . هێزی كاری هەرزانی دەرەوە . كەپیتالی دەرەوە و سەرچاوەی ووزەی دەرەوە دەبێتە ئیستراتجیتی ویستی بازاڕی وولاتی دایك . ئەمانەش دەبنە فاكتەری هێرشی چاوچنۆكی بۆ سەر نیشتمانی گەلان و نەتەوەكانی تر ( بە قوولای میژوودا هۆكانی ئابووری فاكتەری هاڵگیرساندنی جەنگەكان بوون ) . مادامێكی ئابووری و هۆی بەرهەمهێنان شێوەی دەسەلات و باری سیاسی دەگۆڕێ . كەواتە باری ئابووری سیستەمی بیركردنەوەی تاك وكۆمەڵگاش دەگۆرێ . بۆیە تاك و كۆمەڵگا لە تەك جەنەڕاڵەكانی پاراستنی بەرژەوەندی , جەنگەكان پیادەدەكەن .( جەنگی جیهانی دووهەم تەنیا ویستی هیتلەر نەبوو , بەڵكو ویستی كۆمەڵگا و بازاڕی ئەڵمانیا بوو . كاتێك بازاڕو بەرهەمی تەكنەلۆژیاو بانكی ئەڵمانیا تووشی قەیران بوون بیركردنەوەی سەرانی ئەڵمانی بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە ماركسیانە نەبوو بەڵكو نەتەوەی بوو ( نەتەوەیەكی تیژڕەویانە ) بۆیە گەورەترین كۆمەكەری هتلەر بۆ بەدەستهێنای دەسەلات و ویستە سیاسیەكان ( بەڕێوەبەری بانكی ئەڵمانی( هێلمە شاخت (Hjalmar Schacht) * بوو . تاوانی جەنگەكە تەنیا ناچیتە سەرشانی هیتلەر . بەڵكو نەتەوەی ئەڵمانیش بەتۆخی . ئەگەر بازاڕ توانای دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا بسەپینێ . ئەوە بڕیارە سیاسیەكان دەبێ لە بەرژەوەندی بازاڕدا بێت .( جۆرج بۆش – باوك ) لە سەرەتای جەنگی كەنداوی دووهەمدا ووتی : ئەگەر ئەمەریكا گەرەكی بێت بەرژەوەندی پترۆڵی خۆی لە كەنداوی فارسیدا بپارێزێ پیویستە گوێ نەداتە یاسا نێو دەوڵەتییەكان .( جۆرج بۆش – كوڕ ) سەرۆك كۆماری ئیستای

ئەمەریکا بۆ داگیرکردنی عیراق و قۆرخکردنی سامانی پترۆڵی کورد و عەرەب وکەڵك وەرگرتن لە ئیستراتجێتی زەوی ئەو وولاتە . هەموو یاسا نێو دەوڵەتییەکانی پێشێلکرد . ئاشکراشە ( جۆرج بۆش – کوڕ ) پێش ئەوەی ببێتە سەرۆك کۆماری ئەمەریکی بازارگانێکی دەوڵەمەندی ناوچەی تکساس بوو ** ئەڵمانیەکان چۆن لە جەنگی جیهانی دووهەمدا بە زووربە کۆمەکیان بە هیتلەرکرد. ئاواش ئەمەریکایەکانیش بە زووربە لە تەك بڕیارەکانی بۆش دابوون . ئەگەر وانەبوایە ئەمەریکا وەك کۆمەڵگایەکی دیموکراتی دەبوایە بۆ جاری دووهەم جۆرج بۆشی وەك سەرۆکی خۆیان هەڵیان نەبژاردایەتەوە بۆیە لە هەڵبژاردنی دوای داگیرکردنی عیراق و کوردستان زووربەی دەنگی هانی بۆ خولی دووهەمی دەسەلات .





ئیستا دەسەڵاتی سیاسی جیهان ( جیهانی سەرمایەداری ) ئەم بەرگەی بەبەردا بڕاوە . واتە قسەکەری سیاسی هەر وولاتێکی سەرمایەداری قسەکەر و نوێنەری کۆمپانیە زەبەلاح و ڕێکخراوە ئابووریەکانن . تەنانەت سەفیری هەر وولاتێکی سەرمایەداری پێش ئەوەی ڕوویەکی سیاسی و دبلۆماسی وولاتەکەی بێت جەنەڕاڵێکی پاراستنی بەرژەوەندی کۆمپانیە زەبەلاحەکانی وولاتەکەیەتی . بەهۆی چەماننەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ بازاڕ بڕیاری سیاسی یاسا بنەڕەتیەکان و دەستوری وولاتی ماڵی دایك ( وولاتی سەرمایەداری ) هەروەك کاڵای بازرگانی دەتوانری بفرۆشری و مامەڵەی تەکدا بکرێت . بڕیاری جەنگەکەکان لەسەر ویستی کۆمپانیەکانە بڕیاری جەنگەکانی کەنداو و ئەفغانستان . کوردستان .چیچینیا .جەنگە ووردیلەیەکانی لاتان ئەمەریکی . کۆدەتا سەبارزییەکانی وولاتانی پترۆڵی بۆ نمونە کودەتاکەی کومپانیە پترۆڵیەکانی ئەمەریکی و بەریتانی ساڵی 1953ی دژی سەرۆك وەزیرانی ئێرانی (محمد مصدق ) و*** کوشتنی پادشای عیراق مەلیك غازی لەسەر داخوازی کۆمپانیای پترۆڵی بەریتانی بوو لەبەر ئەوەی پادشای عیراق غازی داوای لکاندنەوەی کۆیتی بە عیراقەوە دەکرد کەئەمەش دژی ویستی کومپانیە پترۆڵیەکانی بەریتانی بوو . بۆیە سەفیری ئەو ساتەی بەریتانیا ( M . Beterson ) لە بەغدا لە مەڕ کوشتنەکەی مەلیك غازی ووتی ( مردنی غازی لایەنێکی بە کەڵك بوو بۆ بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا ) **** کوشتنی سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا ( Enrico Mattei ) ساڵی 1957 لە بەر ئەوەی لە تەك شای ئێراندا ڕێکەوتنێکی پترۆڵی هەبوو کە بە بەرژەوەندی کۆمپانیە پترۆڵیەکانی ئەمەریکی لە کەمکردنەوەی نرخی پترۆڵ لە ئەوروپادا خستبووە مەترسیەوە *****. کەواتە جەنگەکان و تیرۆرە سیاسیەکان بۆ ڕاستکردنەوەی باری ئابوری و گەرمکردنی بازاری کۆمپانیە پترۆڵیەکانن وەك لەوەی ڕاستکردنەوەی بارو دۆخی سیاسی وولاتێك وگلۆبالیزمەکردنی سیستەمی دیموکراسی بن . ئەم شێوەیە لە سیاسەت نوێ نیە.لە دوای شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپادا دەستی پێکردوە . وەلی لە دوای پرویسترۆکاوە و نەمانی قورسای سیاسی و سەربازی سۆڤیت و تەختبوونی گۆڕەپانی سیاسی بۆ بەرەی براوەی جەنگی سارد (کەپیتالیزم) ئەم بارو دۆخە خەست بۆتەوە . ئیستا ئەمەریکا بە تۆخی و ئەوروپا بە کاڵی سەرچۆپی ئەم پرۆسیسە سیاسیە دەگرن لە کێبەرکێن لە داگیرکردنی بازاڕی جیهانی بەم هۆیەشەوە واژەی سیاسەتی (ڕەهای دەوڵەت) جێگەی واژەی ئیمپریالیزمی کلاسیکی وەرگرتوە . جێبەجیکردنی نەخشەی ساڵی 1936 هیتلەر بۆ داگیرکردنی وولاتانی پۆڵن ولیتاون و.... هتد کە بە هێزی سەربازی بۆ مسۆگەر نەبوو ئیستا بە هوی هێزی ئابووری ئەڵمانیەوە پیادەی دەکەن .ئەم پیادەکردنەش واتە ( هێزی سەربازی ئەڵمانی وهێزی کۆمپانیە زەبەلاحەکانی ئەڵمانی ) هەردوکیان لە ڕەحمی یەك دایکدا لە دایك بوون لە دوو زەمەنی جیاوازدا کە ئەویش بەرژەوەندی بازاڕی ئەڵمانیە .دەتوانین ئەم سیستەمە نوێیە بە شێوەیەك لە ئیمپریالیزمی نوێ جیهانی ڕەنگ بکەین . لێرەدا جیاوازییەك هەیە لەنیوان کۆنترۆڵی دەوڵەت لە لایەن سەرکۆزەری سیاسەتمەداران و کۆنترۆڵی دەوڵەت لە لایەن کۆمپانیە زەبەلاحەکانەوە . ئەگەر کۆنترۆڵی بازاڕ لە لایەن دەوڵەت و سەرکۆزەری سیاسەتمەدارانەوە

کرا . ئەوە مەزەنەی زۆر نزیکی دروستبوونی دەسەڵاتی دکتاتۆری سەربازی و خێزانی و مافیا هەیە . چونکە بە پیێ سترۆکتۆری دەوڵەت و دەسەڵاتی تاك کە سترۆکتۆرێکی دکتاتۆریانەی تاقە هێزی هەیە و وەك ( فۆكۆ ) ش پیناسەی دەکات ( دەسەڵات دژی حەقیقەتە ) ئەوە هێزی دەوڵەت هەوڵدەدا هێزی ئابووری بۆ بە هێزکردنی خۆی . بۆ ئەم مەبەستەش ئابوورییەکەی بۆ پڕچەکردنی سوپا و بەهێزکردنی دەزگاپۆلیسیە سەرکوتکەرەکان بەکاردەهێنیٚ . وەك داتەپینی ئابوری ڕوسیا و دواجار سۆڤیت لە لایەن دەسەڵاتی ستالین و بەکارهێنانی هێزی ئابوری عیراق لە لایەن صدام و ئابوری ئیران لە لایەن خیزانی شا و هی تورکیاش لە لایەن جەنەڕاڵە ناسیونالیستە فاشییەکانی تورکیاوە .ئەو دەسەڵاتانە کەخاوەنی گەورەترین هێزی سەربازی و ئەتۆمی و مۆشەکی تیژ و دوور ڕەوو بوون لەبەر پاراستنی خۆیان پیداویستیە سەرەتاییەکانی هاوڵاتاتییەکانیان دابین نەدەکرت . کۆمەڵگایان بەرەو داماوی و جەنگ بردوە. .

## سەردەمی دەسەڵاتی ڕەهای ( گڵۆباڵیزم )

دەسەڵاتی گڵۆباڵیزم شێوەیەکی مۆدیرنی ئیمپریالیزمی جیهانیە بە شێوەی جەنگی ( شلەتێن ) .

**جەنگی شلەتین** : بریتیە لە و جۆرە جەنگانەی کە زلهێزەکانی جیهان بە هۆی دەستی دووهەمەوە دەیکەن وەك (جەنگی چیچینا و مجاهدینی ئەفغانی دژی سیاسەتی سۆڤیت لە ئەفغانستان ) بە هۆی دەستی دووهەمی ئیسلامەوە کە بە کۆمەکی ئابووری سعودیە لە جیاتی ئەمەریکا دژی ئیستراتجیتی ڕوسی پیادەیان کردوە .. بۆیە ناومان ناوە جەنگی شلەتین ئەگەر زلهیزەکان بە تایبەتی ( ئەمەریکا و ڕوسیا ) ڕاستە و خۆ لە چیچینا و ئەفغانستاندا بەرە و ڕووی یەکتر ببونایەوە ئەوە شێوەی جەنگەکە نیوانیان دەگۆڕا و کارەساتی وەك جەنگە گەرمەکانی میژووی پێوە دەلکا . کەپیتالیستی جیهانی لە دوای دووجەنگی جیهانیەوە فیری ئەوە بوون ماڵی خۆیان ئاوەدان وجەنگی بازاریان گەرم بیت.

**قازانج لە بازاڕی گڵۆباڵیزمدا** : کرۆکی پڕۆسیسی گڵۆبالیزم یانی کۆکردنەوەی قازانجی زۆر لە لایەن کۆمپانیە زەبەلاحەکانەوە .

1) **ڕێژەی بەشی داماو** : ڕێژەی مرۆڤی وولاتانی داگیرکراو . ڕێژەیەکی کەم لە قازانجی کاڵای وولاتانی خاوەن کاڵای داگیرکراوەوە تەرخاندەکرێت بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵگا و دابینکردنی پیداویستیە سەرتایەکانی ڕۆژانەی مۆرۆ وەك نەخۆشخانە و قوتابخانە وپەیداکردنی ووزەی کارەباو و ئاوی پاك و ڕێگا و بان . ئەویش لەبەر ئەوەی زووربەی زۆری ئەو وولاتانەی بەر شەپۆلی گڵۆبالیزم دەکەون وولاتانی جیهانی سیهەم و جیهانی هەڵوەشاوەی دووهەمن کە بە دریژای جەنگی سارد ئەوە وولات و کۆمەڵگایانە لە ژیر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا سەریان نەپەرژاوەتە پەیداکردنی پیداویستیە سەرەتاییەکانی ڕۆژانەیان . ئەو کۆمەڵگا داماوانەش بەو کەمە دەستکەوتانەی گڵۆباڵیزم دڵشاد دەبن .

2) **ڕێژەی بەشی شێر** : بەشی وولاتانی سەرمایەداری لە دوو جەمسەرەوە قازانج دەکان .

**A** - بە هۆی بە گەرخستنی کۆمپانیەکانیانەوە لە وولاتانی گلۆبالیزمکراودا قازانجێکی زۆر لە پڕۆژە نێوکاندا دەکەن ئەویش بە هۆی هەرزانی هێزی کار و کالاوە .

**B** – کردنی وولاتی گلۆبالێزمکراو بە بازاڕێك بۆ ساخکردنەوەی کالای کۆمپانیەکانی نێو وولاتی دایك واتە ولاتانی سەرمایەداری . بەم هۆیەشەوە وولاتی دایك ( وولاتی سەرمایەداری ) بەشێکی گرنگی گرفتی ناخۆی کە بریتیە لە( کار و سەرمایە ) کە گەورەترین گرفتی کۆمەڵگای مرۆ و سەرمایەداریە تاڕادەیەك چارەسەر دەکرێت ئەویش بە هوی فراوانی بازاڕیان بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان و بە مسۆگەرکردنی کار بۆ هاووولاتیەکانیان . بەم شێوەیە هۆکانی بەرهەمهێنانی بزیوو واتە ( سەرمایە . کار . زانستی تەکنەلۆژیا ) تێکەلاوی هۆی بەرهەمهێنانی چەقیو واتە ( زەوی و سامانی سروشتی ) تێکەلاودەکرێت قازانجی ئەم تێکەلاوبوونەش وەك ڕوونمانکردەوە بەشی شێری بەر ( سەرماییەی دایك ) واتە وولاتانی خاوەن کومپانیە زەبەلاحەکان دەکەوێت .

گلۆبالیزم بەرهەمی گەشەکردنی بازرگانی و فراوانی بازاڕە . قۆناغەکانی گەشەکردنی بازرگانی بریتین لە:

**A** – **سەرەتای** : لەم قۆناغەدا هەموو پڕۆژە بازرگانیەکان پەیوەندی بە بەرهەمی زەوویەوە هەبووە . دانەویڵە بە تایبەتی ( گەنم ) کە سەرچاوەی ژیانە .بۆیە جەنگەکانی سەرەتای مرۆ جەنگی داگیرکردنی زەوی بوو . چونکە زەوی سەرچاوەی بەرهمهێنانی بازرگانی بوو .

**B** – **پیشەسازی** : دەستپیکردنی ئەم قوناغە لە دوای شۆرشی پیشەسازی لە ئەوروپاوە سەری هەڵدا کە بەهوی زۆر و خیرای بەرهەمهێنان و کەڵەکەبوونی بەرهەمی ئامادەکراو پیویستی فراوانی بازار هاتە بوون ئەم فاکتەرەش خاوەن کارگەکان و وولاتانی سەرمایەداری لە قۆناغی بازرگانیەوە گۆیزایەوە بۆ قۆناغی کۆلۆنیالیزم ******. لەم قوناغەشدا جەنگەکانی نیوان دەسەلاتەکان بۆ داگیرکردنی وولاتانی دەرەوەی جیهانی سەرمایەداری بوو .چونکە بازاڕی دایك ( جیهانی سەرمایەداری ) پیویستی بەمانیە :

1 ) بازاری ساخکردنەوەی بەرهەم .

2) بەدەستهێنانی کالای کاڵی هەرزان بۆ پیشەسازییەکانیان . دەتوانین هیزی کاری هەرزانی کریکارانی وولاتانی دەرەوەی جیهانی سیهەمیش بە بەشێك لە کالای کاڵی هەرزان دابنرێ چونکە هێزی کار وەك کالا هویەکی بەرهەمهێنانە .

3) بە دەستهێنانی ووزە ( خەلوز لە سەرتادا پترۆڵ و گازی زەوی چ وەك کالای کاڵی پیشەسازی چ وەك سەرچاوەیەکی ووزە بۆ پیشەسازی لە ناوەڕاستی ساڵانی 1900 و هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووهەمدا ڕۆڵی گرنگی هەبووە . لە تەك ئەوەشدا هەردوو زلهێزە جیهانیەکە ( ئەمەریکا و روسیا ) خۆیان خاوەنی سەرچاوەی سروشتی پترۆڵ و ئاو و گازن کەچی گرفتی گەورەیان قۆرخکردنی سەرچاوە ووزەیەکانن . بۆیە هەر وولاتێك نەیتوانی رەصیدی خۆی لە بازاری جیهانیدا مسۆگەر نەکرد ناچاردەبیت پەنابەریتە بەر ریگەی جەنگ . بۆیە یابان ساڵی 1940 هیرشی کردە سەر ڕۆژهەلاتی و بەشێك لە سەرووی چین . بەرامبەر بەم هیرشەی یابان ئەمەریکا و ئەوروپیەکان ئابلۆقەی ئابوری و بازرگانی ڕەقتەنەکان ( معادن )یان و پترۆڵیان خستە سەر یابان . یابانیکان بۆ شکاندنی ئەم ئابلوقەیە و بە دەستهێنانی سەرچاوەکانی وزە هێرشیکردە خۆاروی ڕۆژئاوای ئاسیا تا کۆمەکی هێزەکەی لە چین بکات . ناوچەی ( ملایو . ڤلیپین . دۆرگەکانی ڕۆژهەلاتی هندی هۆڵندی . هندی فرنسی و تایلند ) داگیرکرد .بە مەبەستی

بەرنگاربوونەوەی هێرشی سەربازی ئەمەریکیش لە ناوچەی بەرژەوەندیەکانی یابان هێرشیکردە سەر ( مینا ) بیرهاریوو کە بنکەی هێزی دەریای ئەمەریکی لە ئوکۆیانوسی هیمن دا بوو . ئەمەش فاکتەرێکی گرنگی هاوبەشی ئەمەریکایەکان بوو لەجەنگی جیهانی دووهەمدا .

جەنگ و ئابووری دووجەمسەری یەك هاوکیشەیکن , ئەنجامەکانیش شێوەی ڕژیم و دەسەڵات دەستنیشان دەکات . بۆیە براوەی جەنگی سارد وگەرم براوەی بریاری سیاسیە . براوەیی ئەمەریکی لە هەر سێ جەنگە جیهانیەکاندا ( جەنگی دووهەم جیهانی . جەنگی ساردی جیهانی . جەنگی دژە تیرۆری جیهانی ) . دەنگی سیاسی ئەمەریکی لە کۆمەڵی نێو دەوڵەتیدا کردوە بە دەنگی شێر و دەسەڵاتی ئەمەریکیشی کردوە بە دەسەڵاتێکی بێ ئۆپۆزسیوێن لە جیهاندا .



سوپای ئینگلیزی داگیرکردنی

بەغداد لە1917/03/11



سوپای ئینگلیزی 2003

**F.William Engdahl...Mit der Ölwaffe zur Weltmacht***

**Hans Leyendecker...Die Lügen des weissen Hause****

سەرچاوەی یەکەم***

****المسولية التاريخية في مقتل الملك غازي

***** سەرچاوەی یەکەم

****** توسع بلاغزو .... ريتشارد روزكرانس . .. مركز الاهرام للترجمة والنشر . ترجمة عدلي برسوم

مۆسکۆ 2005/03/12

jazachingiani@hotmail.com

www.chingiani.de